# خەیاڵە بەجێماوەکانی منداڵیم



جوتیار ئەحمەد

من و ئەو هەمیشە بەیەکەوەین، کەسێکی زۆرخۆرم، ماڵەوە پێم ئەڵێن سەیرە بەو بچووکییەوە خواردن بەرگەت ناگرێ. پێش هەموویان ئەچمە سەرخوان، لەدوای هەمووشیان دەست لە خواردن هەڵئەگرم. سەیرە بەلایانەوە ئەوەندە ئەخۆم، نازانن کە ئەویش لەگەڵ من نان ئەخوات ئاخر ئەوان نایبینن، ئەویش گەورەییمە، هەربۆیە لەچاوی ئەوانەوە زۆرخۆر دیارم. هەمیشە حەسرەت بۆ گەورەبوون ئەخوازم، بەردەوام بەتەنیشتمەوەیە، کەسێکی زۆر بێدەنگە، تا نەیدوێنم قسەناکات، تا من بیری لێ نەکەمەوە ئەو بیر لەمن ناکاتەوە. لەبیرمە ماوەیەک لەمەوپێش بەیەکەوە بەکۆڵانی پشت ماڵی خۆماندا ئەڕۆیشتین، من ئێستا تەمەنم پێنج ساڵان ئەبێ، گەورەییشم بیست و پێنج ساڵان ئەبێ، منداڵانی ئەو کۆڵانە شەڕیان پێفرۆشتین، نەمئەزانی چیبکەم، کەوتنە پیاکێشانم، زۆر لەگەورەییم پاڕامەوە تا یارمەتیم بدات، یا ئەو منداڵانەم لێ دوربخاتەوە، بەڵام ئەو کە فرمێسک زابووە چاوی، ڕاوەستابوو لێی ئەڕوانیم، وەک بەزەیی بەبێگانەیەکدا بێتەوە، واتە لەو شەڕەدا نەهات بەهانامەوە، باشبوو ژنێکی ئەو کۆڵانە فریامکەوت. زۆر لە گەورەییم پەستبووم، ڕۆیشتم و ئاوڕم لێنەدایەوە، بەڵام ئەو هەر بەشوێنمەوەبوو، وتم وازم لێبێنە ترسنۆک بۆ لەسەرت نەکردمەوە؟ گەر تۆ گەورەیی من بیت، یاخوا هەرگیز گەورە نەبم.

گەورەیم وتی ئاخر نازانی من تەنها خەیاڵی تۆم، کات و شوێنی من و تۆ زۆر لەیەکەوە دوورن، بەوەنابێ کە هەمیشە بەیەکەوەین، من ئەوان نابینم. وتم ئەوە نییە بەیەکەوە ئەڕۆین و قسەئەکەین؟ نا من بیست ساڵ زیاتر لە ئێستای تۆوە دوورم، ئەوە حەسرەتی تۆیە کات و شوێنی سڕیوەتەوە، کە من ئێستا لەگەڵ تۆدام، من تەنها ئەتوانم دڵنەوایت بدەمەوە، یا لەبارەی هیوایەتەکانتەوە قسەبکەین، ئەگین ئێستا من خاوەنی هێز نیم.

بەڵام لەگەڵ باڵاکردنمدا گەورەییم لێ دورئەکەوێتەوە، ئێستا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لێم ونبووە، هەستئەکەم ئێستا ئەو لەمن جیایە، یا ئەوەندە لێم نزیک بۆتەوە هەست بەهیچ جیاوازییەک ناکەم، بەڵام بۆم دەرکەوت هەرخۆم گەورەیی خۆمم، ئەم جەستەیەی ئێستا هەست بە بەرکەوتن ئەکات گەورەییمە، واتە منداڵیم جێهێشتووە، ئیدی ئێستا من گەورەیی خۆمم حەسرەت بۆ منداڵیم هەڵئەکێشم، ئێستا وای لێهاتووە منداڵیم بووە بەهاوڕێیەکی هەمیشەییم.

چەند ڕۆژێک لەمەوپێش بەیەکەوە چووین بۆ دوکانی ساردەمەنی، بە یەکێک لە شاگردەکانم وت: دوو قاپی گەورەم بۆ تێبکە، چونکە هەرخۆم بووم. شاگردەکان وەک کەسێکی بێمێشک، یا کەسێک کە چەندین ساڵ بێت دۆندرمەی نەخواردبێ سەیریانکردم، من گوێم بەو ڕوانینەی ئەوان نەدا، چونکە سروشتی خۆم باش ئەناسم. چوینە ئەوبەر دۆندرمەخانەکە لەسەر شۆستەکە لەبن دارێک دانیشتین، سەیرێکی ناوچەوانی منداڵیی خۆمم کرد، بەزەردەخەنەیەکی تاڵەوە وتم ناخۆی؟، منداڵیم وەک ئەوەی بزانێ بۆ ئەبەد خەمبارە، ئیدی پێویست ناکات بیر لە ئاڵۆزیەکان بکاتەوە، بەپێکەنینەوە وتی: من و تۆ هەرچەندە هەمیشە بەیەکەوەین، بەڵام هیچ کاتێ بەیەک ناگەین، چونکە نێوان من و تۆ هێڵێکی ناکۆتایە، یا تەمومژێکی تەڵخە، تەنها ئەتوانین یادەوەریەکان بۆ یەکتر باسبکەین، یا خۆزگە بخوازین، گەڕانەوەی تۆ بۆلای من، گەڕانەوەی یادەوەریی هەموو تەمەنە بۆ سەرەتای تەمەنێک کە تازە فێری بیرکردنەوە ئەبین، واتە سەرەتای خەیاڵ، ئەوە هەستکردن بە تەنیاییە من و تۆ لەیەکتر نزیک ئەکاتەوە، واتە ئینسان ئەگاتە ئەو بڕوایەی کە تەنها ناخی خۆی نیشتمانێتی. لەبیرتە سەردەمێک تۆ ئەم قسانەت بەمن ئەوت؟ وتم نا هەرگیز ئەو قسانەم بیرنایە، گەورەیی ئەوسای خەیاڵی تۆ لەگەڵ ئێستای مندا زۆر جیاوازە، دۆندرمە بخۆ. وتی هەمیشە ئەم پێشنیارانە بۆ من ئەکەی نازانی کە من توانای دەستلێدانم نییە، من لە یادەوەریی تۆدا ئەژیم، واتە لەمێژوودا، لە ئێستای خۆمدا کە ئەکاتە ئەوسای تۆ، نەک لەئێستای تۆدا، ناتوانم هەست بەو شتانە بکەم کە لە ئێستای تۆدا هەن، توانای چێژکردنم نییە، تەنها ئەو شتانەش ئەبینم کە بەدەست تۆوەن، یا لەتۆوە نزیکن. وتم ببوورە، بۆخۆم دەستم کرد بەخواردنی دوو قاپەکە. وتی لە جیاتی منیش بخۆ، چونکە لە زەمانی مندا ئەم چێژانە وا بەئاسانی دەستنەئەکەوتن. وتم: وەڵڵا ڕاست ئەکەی منیش ئەوسا هەمیشە خەمباری ئەوشتانە بووم. لەگەڵ ئەودا سواری تەکسی بووین، چوینە سەر ئەو بەرزاییەی کە ئەڕوانێت بەسەر شاردا.

وتم بڕوانە ئێستا شار چۆن ئەبینی؟ وتی من بەچاوی ڕابردوو ئەیبینم، ناتوانم وەک ئێستا ببینم، یا بەچاوی تۆ. بەدەستی ئاماژەی بەشوێنەکان ئەدا، ئەها ئەوە زێرابە سندوقییەکەیە، ئەوەش زێرابە سەرنەگیراوەکەیە کە بەدرێژایی هەردوو کەنارەکەیدا شۆڕەبی و چنار، لەهەندێ شوێنیش ئەکرێ بەکشتوکاڵ، ئای ئەوەش خانووە قوڕەکانە، سەیری شارکە لەچاوی منی منداڵدا ڕەنگی هەموویان بۆر و یەک نهۆمی و دوو نهۆمین. وتم تۆ چۆن شار لەم سەردەمەی ئێستادا نابینی؟ وتی من منداڵم، ناتوانم سەردەمی خۆم جێبهێڵم، ناتوانم ئێستای تۆ ببینم!

وتم ئای ئێستا ئەو زێرابە سندوقییە کراوە بە جادەی قیرتاو، زێرابە سەرنەگیراوەکەش نەماوە، ئێستا کراوە بە زێرابی سندوقی و جادەی سەرەکی، خانووە قوڕەکان بەدەگەن ماون، ئێستا شێوەیەکی تریان هەیە، شار بەگشتی لە ڕەنگ و بەرزاییدا گۆڕاوە. وتی ئەی تۆ ئێستا ئەتوانی بەچاوی منداڵی کە منم، شاری ڕابردوو ببینی؟ وتم تەنها وەک خەونێکی تەماوی کە هیچ شتێکی تیادا ناناسرێتەوە شار ئەبینم، وەک ئازارێک کە هەمیشە بەشوێنمەوەیەو ناوێرم چاو لە ئاستیا هەڵبێنم، سارێژیش نابێ.

منیش هەروابووم کاتێک بیرم لە گەورەییم ئەکردەوە کە ئێستا تۆی، هیچ کاتێک نەمئەتوانی خەیاڵەکانی داهاتووم بەباشی بهێنمە بەرچاو. تەنانەت ڕوخساری ئێستای تۆشم بەڕونی نەئەبینی ئەی گەورەییم. وتم ئێستا توانای خەیاڵکردنت ماوە؟ بە پێکەنینەوە وتی: نا هەرگیز ئێستا من ناتوانم خەیاڵ بکەمەوە، یا جیهانێک لە خەیاڵ دروستبکەم، تەنها لەناو خەیاڵەکانی منداڵیی تۆدا کە خۆمم، دێم و ئەچم ناتوانم خەیاڵی تازە بخولقێنم، بەتێپەڕبوونی زەمەن ئەو ڕووداوانەی لەبیرم ماون بیرم ئەچنەوە، تادێت خەیاڵەکانم تەسک ئەبنەوە، گەر ئەوەم بۆ بکرایە واتە خولقاندنی خەیاڵی تازە، ئەوا بۆخۆم لەگەڵ خەیاڵدا بەتەنیا ئەژیام، نەک لەگەڵ تۆدا کە کەللەسەرت پڕە لەبێهیوایی و خەونی تاریک. من تەنها منداڵیم، من خۆم ئێستا خەیاڵێکی بەجێماوم کە تەنها تۆ هاوڕێیەتیم ئەکەی، تەنانەت هاوڕێکانی منداڵیشم لێ دورکەوتوونەتەوە، یا شێوەیانم بیرچۆتەوە، لەخەیاڵمدا کاڵبوونەتەوە، بەڵام دڵم بەوە خۆشە کە تۆ هەرگیز ناتوانی بەجێم بهێڵی، من ئەتوانم تۆ جێبهێڵم، ئەویش بەوەی کە تۆ تووشی لەبیرچوونەوە ببی، بەڵام تۆ خۆت لەمندا ئەبینیتەوە، واتە من ئاوێنەی تۆم ئەی گەورەییم، ناتوانی شەڕ لەگەڵ سەردەمی خۆتدا بکەیت، یان بەرگەی ئازارەکانی ناگریت، ناچار هەڵدێی بەرەو زەمەنی چەقبەستووی من.

کاتێک گەیشتینەوە ناوشار لەسەرجادەکە پێش ئەوەی بگەینەوە ماڵەوە وتی: لە ئێستای تۆدا لەم شوێنەدا فەزای دەوروبەر چۆنە و چی ڕووئەدا؟ وتم پەلە مەکە مەڕۆ، شەقامەکە زۆر قەرەباڵغە ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە نابینی؟ وتی ئەوە تۆ باسی چی ئەکەی، ئەم ڕێگایە هێشتا نەکراوە بەشەقامی قیرتاوکراو، من و منداڵانی گەڕەک نابینی تۆپانێی تیادا ئەکەین؟ وتم مەڕۆ شەقام هەمووی ئۆتۆمبێلە. منداڵیم بەپێکەنینەوە وتی: ئەوە بەڕاستە ئەو هەموو منداڵە نابینی؟ دیارە تووشی لەبیرچوونەوە بووی، یانی بەتەڵخییش خەیاڵت بۆ ناکرێتەوە؟ هەر هاوارهاوارمان بوو، بێ ئەوەی کەسێک گوێی لەدەنگمان بێت. من هەندێ جار ورتەیەکم لە دەم ئەهاتە دەر، خەڵکەکە بەتێڕامانەوە سەیریان ئەکردم، ئیدی لەگەڵ منداڵیمدا هەر مشتومڕمان بوو، ئەو ئەیوت بۆ دنیای من بەتەڵخی ئەبینی؟ منیش ئەموت ئەی بۆ تۆ ناتوانی ئێستا ببینی. دواجار ئەو چووە ناوەڕاستی شەقامەکە تا لەگەڵ منداڵەکان یاری بکات، بانگی ئەکردم تا منیش بچم. وتم تکایە تێبگە ئێستا ئەم شوێنەی تۆ شەقامێکی زۆر قەرەباڵغە. وەک ئەوەی لەناو تەمومژێکی زۆردا دنیاببینم لە منداڵیم ئەڕوانی، وەک خەونێک کە نەتوانی بیر خۆتی بێنیتەوە، یا نازانی ڕووداوەکان چۆن بوون لەمنداڵیم ئەڕوانی کە چەند بەجدی یاریی ئەکرد، چۆن هەناسەی سواربووەو پشووناداتت، ئەو چەند دنیای خۆشئەوێ ماندوبووە کەچی دانانیشێ. وتم بابڕۆین درەنگە وا دنیا تاریک داهات. بەیەکەوە چوینەوە ماڵەوە، ئیدی هەمیشە بەیەکەوەین، ئەو تەنها لەکاتی خەودا جێم ئەهێڵێ، بەڵام هەندێجار لە خەونیشدا ئەو شوێنی من ئەگرێتەوە.